گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 3, pp. 548–558, Sept-2017
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# دەروونگەرایی ژنان وەك ئامرازێك بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی پیاوسالاری بە نموونەی كۆپلە شیعرەكانی (پرووشەكانی عەشق)ی كەژاڵ ئیبراهیم خدر (شیكارێكی فیمینیزمی)

هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور و سیروان جەبار ئەمین

بەشی كوردی، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران، هەرێمی كوردستان – عێراق.

وەرگرتن: 2015/05 پەسەندكرن: 2015/07 بەلاڤكرن: 2017/09 https://doi.org/10.26436/2017.5.3.426

**پۆختە:**

فیمینیزم بە شێوەیەكی گشتی فەلسەفە و فكرێكە، كە بە دوای ڕەواندنەوەی هەموو ئەو نەهامەتی و نایەكسانییانەوەیە، كە بە درێژایی مێژوو، بەرامبەر بە ژنان كراون. ژنان لەو ناحەقی و نایەكسانییە نیگەران و دەیانەوێ ئەوەندەی كە پێیان دەكرێ، نەیهێڵن. ئەو ناحەقییەش لە روانگەی ئەوانەوە لە یەك لایەنەوە نییە، بەڵكو لە هەموو كایەكاندا هەیە و بۆیە بە پێویستی دەزانن پێیاندا بچنەوە. یەكێك لەو بوارانەی ئەو نایەكسانییەی تێدا بەدی دەكرێت و دەتوانێ وەكو ئامرازێك بۆ زیاتر كردنی بەكار بهێنرێ، ئەدەبیاتە.

ژنان بە شێوەیەكی گشتی لەو وێنانە نارازین، كە لە لایەن پیاوانەوە، سەبارەت بەوان نیشان دراون. بەڵام ئەمە ڕوویەكی مەسەلەكەیە، بەڵكو لە بەرامبەردا، ئەوەش گرنگە كە تا چ ڕادەیەك ژنان بۆ خۆیان توانیویانە، وێنەیەك لە خۆیان نیشان بدەن، كە پێچەوانەی ئەو وێنە باوە بێت، كە پیاوان نیشانیان داوە.

بۆ فیمینیستەكان، سەرنج خستنە سەر وێنە دروستكراوەكانی ژن لە لایەن پیاو و ژنانەوە لە ئەدەبیاتدا، لەو شوێنەوە زیاتر گرنگ دەردەكەوێ، كە ئەوان پێیان وایە، ئەدەب وەك كایەیەكی كولتووری كاریگەری زۆری هەیە لە سەر كۆمەڵگا و دواجار دەسەڵاتی گوتاری پیاوسالاری.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، بە هەڵبژاردنی چەند كۆپلە شیعرێكی (كەژاڵ ئیبراهیم خدر) دەمانەوێ ئەوە نیشان بدەین، كە نووسینی ژنانە بە سەرنج خستنە سەر هەستە دەروونی و تایبەتییەكان، چەندە خزمەت بە زاڵ بوونی گوتاری پیاوسالاری دەكات. بە تایبەتی لەو بارەوە كە دواجار ئەو وێنە دەروونییانە لە ئاستی كۆمەڵایەتیدا، بە شێوەیەكی پێچەوانە سوودیان لێ وەردەگیرێ.

تێڕوانینی ئێمە لەم گۆشە نیگایەوە ئەوەیە كە فیمینیزم جۆرێك لایەنگری سیاسی وكۆمەڵایەتییە. بۆیە هەر جۆرە دەروونگەرایی و دووركەوتنەوە لە هەل و مەرجە كۆمەڵایەتییەكان و ڕاستییەكانی كۆمەڵگا، خزمەت بە رەواندنەوەی نایەكسانییەكان ناكات، كە پیاو لێی سوودمەند بووە. بە تایبەتی ئەگەر سەرنجی ئەو لایەنە بدەین كە گوتاری زاڵی پیاوسالاری بەردەوام ویستوویەتی بە دوور كردنەوەی سەرنجی ژنان لە سەر واقیع و ژیانی كۆمەڵایەتی، زیاتر كۆیلە و دەستەمۆیان بكات، لێرەدا مەبەستمان لە دەروونگەرایی ئەم حاڵەتەیە كە ژن تەنها سەرنجی لە سەر حەزە تایبەتییەكان و هەستە تاكەكەسییەكانی بێت و زۆر بە نموونەیی بڕوانێتە دنیای پیاو و ڕوانینی پیاو بەرامبەر بە ژن، لە كاتێكدا كە لە كۆمەڵگادا هەل و مەرجەكە بەشێوازێكی ترە.

**پەیڤێن سەرەكی**: فیمینیزم، ژن، پیاوسالاری، یەكسانی.

## 1. پێشەكی

سەدەی بیستەم و نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە، سەردەمی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو تیۆرو تێزانە بوو، كە لەدەوروبەری كولتووری هەل و مەرجی كۆمەڵایەتی دەسوڕانەوە. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەوە زیاد لە هەموو سەردەمەكانی تر كایە جیاوازەكانی ژیانی مرۆڤ تێكەڵتر دەبن. ئیدی سنورێكی ڕوون لە نێوان بەشەكاندا نییە و بەئاسانی ناتوانرێ كایەكان و پسپۆڕییەكان لە یەكتری جیابكرێنەوە. ئەمەش بەشێكی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەریەك لەو پسپۆڕی و كایە جیاوازنە بە جۆرێك، پەیوەندییان لەگەڵ یەك هەیە و كاریگەری لەسەر یەكتر دادەنێن. بۆیەش لێكۆڵەران و تیۆرداڕێژەكان سەرنج لەسەر ئەوە چڕ دەكەنەوە، كە چۆن بتوانن بەسود وەرگرتن لە تێكەڵ كردنی پسپۆڕی و كایە جیاوازەكان، وەڵامی زۆرێك لەپرسیارەكان بدەنەوە.

یەكێك لەو چەمكانەی كە لەو سەردەمەدا زیاد لەهەر كاتێكی تر گەشایەوە و كەوتە ناوەندی سەرنجی لێكۆڵەران، فیمینیزم بوو. بەو جۆرەی كە دەگوترێ (( فیمینیزم جۆرێك سیاسەتە. سیاسەتێك كە لە ئاراستەی گۆڕینی پێوەندی دەسەلات لە نێوان ژن و پیاو لە كۆمەڵگادا، هەنگاو هەڵدێنێ. ئەم پێوەندییەی هێز، هەموو بوارەكانی ژیان، بنەماڵە، پەروەردەو فێركردن و خۆشگوزەرانی گشتی، دنیای كار و سیاسەت و كولتوور و پشوودان رێكدەخات و چوارچێوەیەكی نوێی پێ دەبەخشێ، كەچ كەسێك چ كارێك و بۆ چ كەسێكی ئەنجام دەدات، ئێمە چین و دەتوانین چی بین؟))(1) ئەو گۆڕانەی كە فیمینیزم دەیهەوێ بەدی بێنێ، پاشخانێكی گەورە و دوورودرێژی

كولتوورییە و مێژووەكەی بۆ سەردەمانێكی زۆر دوور دەگەڕێتەوە. سەردەمانێك كە جیاوازی و تێڕوانینی جیاواز بۆ نێرو مێ لە كۆمەڵگادا هاتە ئاراوە. ئەوەی لە هاتنە ئارای ئەم روانینە جیاوازەوە، بە درێژایی سەردەمانێكی زۆر لە بەرچاوە، ئەوەیە كە ژن(رەگەزی مێ)، ژێر دەستە و بێ هێزە و لەبەرامبەریشدا پیاو(رەگەزی نێر)، باڵادەست و بەهێزە.

### 1.1. فیمینیزم و ئەدەبیات:

پەرەسەندنی فیمینیزم وەك فكر و ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان(لە رۆژئاوا) لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و كەوتنە رۆژەڤی ئەم چەمكە، پەیوەست نییە بەو سەردەمەوە. بەڵكو پێشینەكەی بۆ زۆر دوورتر دەگەڕێتەوە. (( بزوتنەوەی ژنانی 1960ەكان، سەرەتای فیمینیزم نەبوو. بەڵكو دووبارەكردنەوەی نەریتێكی كۆن لە بیركردنەوە و كاركردن بوو، كە لە كتێبە كلاسیكەكاندا دەردەكەوت و كێشەی نایەكسانی ژنانی لە ناو كۆمەڵگادا دۆزیبووەوە.))(2) فیمینیزم و بزوتنەوەی فیمینیستی كە لە هەوڵی گەڕاندنەوەی شكۆ و پێگەی راستەقینەی ژندایەو بەدوای ئەوەوەیە، هەموو ئەو ناحەقییانەی كە بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە ژنان كراون بڕەوێنێتەوە، لەسەرەتادا بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسییە. چونكە لە روانگەی فیمینیستەكانەوە، ئەوەی كە ئەو نایەكسانییەی لە ژیانی مرۆڤەكان و لە پێوەندی نێوانیان بەدی هێناوە، سیاسەت و كولتورو هەڵسوكەوتی كۆمەڵگایە. بۆیە فیمینیستەكان زۆرتر(( كاری خۆیان بە جیاوازی دانان لە نێوان مێینەیی بوون و ژن بوون دەست پێدەكەن. مێینەیی جیاوازیی جەستەییە لە بواری بایۆلۆجییەوە، بەڵام ژن بوون، بریتییە لە كۆمەڵێك تایبەتمەندیی رەفتاری و هەڵسوكەوت، كە لە ژێر كاریگەری فۆرمە كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكاندا، بەدی هاتووە.))(3) هەر بۆیەشە فیمینیستەكان جیاوازی لە نێوان سێ زاراوەدا دەكەن،FEMINIST كە ئاماژەیە بۆ هەڵكەوتێكی سیاسی، FEMALE كە بابەتێكی بایۆلۆجییە و FEMININE كە تایبەتمەندی و ناساندنی كۆمەڵایەتییە.(4)

ئەمە هەمان ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی "سیمۆن دۆ بۆڤار"مان دێنێتەوە یاد، كە دەڵێ (من بە ژنی لە دایك نەبووم، بەڵكو كۆمەڵگا كردمی بە ژن). لەم تێگەیشتنەوە ناساندنی ژن لە ناو كۆمەڵگادا، پەیوەستە بە كۆمەڵێك لایەنی بێ هێزی و كەم و كورتی، كە دواجار وادەكەن لە زۆرێك لە ماف و ئیمتیازاتەكان بێبەش بكرێت و بخرێتە پەراوێزەوە. هەر بۆیە هەندێك لە خاوەنڕایانی فیمینیزم باوەڕیان وایە، كە (( پلەبەندی كۆمەڵگا لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزی(SEXY) كردەوەیەكی سیاسییە. ئەم سیاسەتەش لە خودی خۆیدا دەربڕی كۆمەڵێك شێوازە، كە باڵادەستی رەگەزێك بەسەر ئەوی تردا بەدی دێنێ.))(5) كەواتە ئەوەی لێرەدا دەبێ لەبەرچاومان بێت و سەرنجی لەسەر چڕ بكەینەوە، رەهەندی كۆمەڵایەتی و سیاسیی فیمینیزمە. واتە فیمینیزم بەر لەهەر شتێك پەیوەستە بەو نایەكسانییە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەی، كە ژنانی بە درێژایی مێژوو،وەك رەگەزی دووەم یان بێ دەسەڵات و كەم بەهاتر، نیشان داوە. لەم تێڕوانینەوە (( فیمینیزم بە ئاشكرا فۆرمێكی سیاسییە و دەتوانێ شێوە و فۆرمەكانی تر بەهۆی روانینە ناڕاستەكانیان سەبارەت بە ژن، بخاتە ژێر پرسیارەوە.))(6)

ئەم جیاواز سەیركردنەی كۆمەڵگا بۆ رەگەزی مێ(ژن) تەنیا لە یەك كایە و یەك رەهەندی كۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووری یان ئەدەبی ...هتد،رەنگی نەداتەوەتەوە. بەڵكو بەو شێوەی كە ئاماژەكان دەریدەخەن، تێكڕای ئەم لایەنانەی كەم و زۆر گرتووەتەوە. واتە بە درێژایی مێژوو دەتوانین شاهیدی نموونەی جۆراوجۆری ئەوتۆ بین، كە بەچاوێكی نزمەوە سەیری(ژن) یان كردووە. واتە هەمووی ئەمانە پێكەوە كەم و زۆر رۆڵیان هەبووە لە بەهێزتر كردنی ئەو رەهەندە چەوسێنەرانەیەی كە بەرامبەر بە(ژن) هەبووە. سیاسەت لە لایەكەوە و كۆمەڵگا لە لایەك و ئابووری لەلایەك و فكر و فەلسەفە و ئەدەبیش لە لایەكی ترەوە. هەر بۆیەشە، بۆ دەرخستنی رەهەندە جیاوازەكانی ئەم بابەتە، زۆر جار پێویستە میتۆدێكی (پسپۆڕئاوێزی_ INTERDECIPLINERY) بگرینە بەر. چونكە بە تەنیا ناتوانین لەو تایبەتمەندییانە بگەین، كە وایان كردووە بە درێژایی مێژوو، جۆرێك لە تێڕوانینی نزم بۆ(ژن) ئامادەیی هەبێ. هەر بۆیەشە فیمینیستەكان بەرە بەرە سەرنجی خۆیان خستە سەر كایە جیاوازەكان و هەوڵیان دا لەوە تێبگەن، كە چۆن لە كایە جیاوازەكان دەركەوتوون. كە هەموو ئەمانەش لە كۆتاییدا رۆڵیان هەبووە لە ناسنامە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكەی ژن. یەكێك لەو كایانەش ئەدەبیات بووە و هەیە. ئەدەبیات لە روانگەی زۆرێك لە رەخنەگرانی فیمینیستەوە، سیاسییە و سیاسەتەكەشی پیاوسالارانەیە.(7) یان وەك هەندێك لە نوسەرانی ژنی كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم وەك( سیمۆن دۆبۆڤار) و ( كیت میلت) پێیان وایە، كە (( دەقە ئەدەبییەكان نموونە یان هۆكار گەلێكن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و هێز.))(8) بێگومان ئەم ئامرازەش لەلایەن كۆمەڵگاوە هەمیشە بە ئاڕاستەیەكدا بەكارهێنراوە، كە لەخزمەتی ژناندا نەبێت. كاتێك كە سەیری مێژوو و رادەی نووسەرانی ژن و چۆنییەتی دەركەوتنی ژنان لە بەرهەمە ئەدەبییەكان دەكەین، ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەكەوێ، كە ئەدەبیاتیش یەكێك بووە لەو ئامرازانەی كە رۆڵی لە بەهێز كردنی دەسەڵاتی پیاوسالاریدا هەبووە. هەربۆیشە سەرنج خستنە سەر نووسینی ژنان لە لایەك و لێكۆڵینەوە لە نووسینی ئەو پیاوانەی كە باسی ژنان دەكەن لە لایەكی ترەوە، بۆ فیمینیستەكان گرنگن.

لەم تێگەیشتنەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وێنەی ژن و چۆنییەتی دەرکەوتنی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا(ئەوانەی کە لە لایەن پیاوانەوە نووسراون) لە ئاستی خواستی ژناندا نییە، بەڵام ئایا ئەمە تەنها بەرهەمی مێشکی پیاوانە و لە بەرهەمەکانیاندا دەردەکەوێت، یان بە پێچەوانەوە بەرهەمی کولتووری پیاوسالارانەی کۆمەڵگایە و لە بەرهەمی ژن و پیاودا دەردەکەوێت. بۆیە هەمیشە بۆ رەخنەگران و لێکۆڵەرانی فیمینیزم دوو بابەت خاوەنی گرنگی بوون: یەکەم ئەوەی کە کێ بەرهەمەکەی نووسیوە ودووەم ئەوەی کە وێنەی ژن لەو بەرهەمەدا چۆن دەرکەوتووە و باسی لێوەکراوە. ئەگەرچی ((رەخنەگرانی ژن باوەڕیان وایە، کە خودی کردەی قسە کردن و هەبوونی زمانێك ـ لە کولتوورێکی پیاوسالارانە و سەرکوتکەردا ـ بە سەرکەوتنێك بۆ ژنان دێتە ئەژمار)) (9) بەڵام بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو ئەوەش گرنگە، کە (ژن)ی چۆن تێدا دەردەکەوێت و تا چەندە رەنگدانەوەی کاریگەری گوتاری دەسەڵاتدارانەی پیاوسالاری کۆمەڵگایە.

ئەمە لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە بە درێژایی مێژوو زۆر کەمتر ئیزن بە ژن دراوە، کە باس لە خۆی بکات و خاوەنی زمان و دەربرینی خۆی بێ. بۆیە ئەگەر چی هەبوونی نووسەر و شاعیری ژن لە کولتوورێکی پیاو سالارانەدا بۆخۆی سەرکەوتنێکە، بەلام ناتوانێ هەمو پرسەکە لەخۆیدا جێبکاتەوە.(( کاتێك کە دیسکۆرسی فیمینیستی لە حەفتاکاندا دەستی کرد بە سەرنج خستنە سەر دەقی ئەدەبی، پرسیاری نوێ سەبارەت بە سرووشتی نووسەری ژن و ئەوەی کە چۆن لە هاوشانە پیاوەکەی جیاوازە، سەریان هەڵدا. هەروەها سەبارەت بەوەش کە مەبەست لە نووسین و خوێندنەوە وەك ژن، چییە؟))(10)

چونکە دەکرێ ئەو بەرهەمە ئەگەر چی لەلایەن ژنێکەوە نوسراوە، بەڵام بە هەمان رەمزەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار نوسرابێ و دواجار خزمەت بە هەرچی بەهێزتر کردنی ئەو کولتوورە بکات. بۆیە رەخنەگرانی فیمینیست لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی (ژن)یش ، سەرنجیان چر دەکەنەوە. لەم بارەوە ئەگەر سەرنجی قۆناغبەندییەکانی ( ئیلین شواڵتەر) بکەین کە بۆ رەوتی مێژوویی رۆماننوسانی بەریتانیا خستوویەتە بەرچاو، بابەتەکەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە. ناوبراو پێی وایە دەتوانین ئەم قۆناغانە، بەم شێوازەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

Feminine: لەم قۆناعەدا ژنان هەوڵدەدەن کە وەکو تایبەتمەندییە رۆشنبیرییە بە دەستهاتووەکانی کولتووری پیاوان، دەربکەون (1840–1880). Feminist: ئەو سەردەم و قۆناغەیە، کە ژنان خۆیان لە قاڵبی کۆمەڵێك چالاکی بە مەبەستی سیاسی و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەردەخەن. لێرەدا ئەدەبی ژنان هەروا لە ژێر کاریگەری بونیادە جوانی ناسییەکاتی پیاوانە (1920–1880). Female: تایبەتمەندی جوانی ناسی ژنانە دەرکەوتن. لە راستیدا بەم پۆلینبەندی کردنە، "شوالتەر" پێگەی ژنی لە خوێنەرەوە گۆری بۆ نووسەر.(11)

ئەگەر چی بە پێی ئەم پۆلینبەندی کردنە، رەوتی گەشەسەندنی وشیاری ژنان بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنتر دەگەرێتەوە، بەڵام وەك لەم پۆلینبەندییەدا دەردەکەوێ لە زۆر بارەوە هێشتا باڵادەستی رەمز و کولتووری پیاو، ئاشکرایە. رەخنەگرێکی ئەدەبی لەم بارەوە دەنووسێ (( ژمارەیەکی روو لەزیادی ژنان لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ریزی پێشەوە جێیان بۆخۆیان کردۆتەوە، بەڵام کاری رەخنە و تیۆرداڕێژی بەهێز، هەروا لە دەستی پیاواندا مایەوە. پیاوان هەروا درێژەیان دایە دیاریکردنی پێوانە و هەلسەنگاندنی دەرەنجامەکان، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، چەند دەنگێکی پێداگر سەرکەوتن، کە سەرەتاکانی تەقینەوەی گەورەی رەخنەی فیمینیستی بەرهەڤ بکەن، کە لەکۆتایی ساڵەکانی 1960 دا، دەستی پێ کردبوو.))(12)

کەواتە سەرەڕای هەبوونی دەنگی ژن (کەم و زۆر) لەمێژوودا، بەڵام تا سەردەمانێکی دیاریکراو و بە دیاریکراوی تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ناتوانێ خۆی لە قاڵبی تیۆر و فکرێکی تۆکمەدا بەرجەستە بکات و بەشێوەیەکی کردەیی هێرش بکاتە سەر کۆی ئەو کولتوورەی، کە رۆڵی هەبووە لە بەدیهێنانی نایەکسانی بەرامبەر ژن. دەیەکانی 60 و 70 ی سەدەی بیستەم، دەیەی چەندین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتین: دژایەتی شەری ڤێتنام، ئاڵوگۆڕی چوارچێوەی ژینگەی کۆلێژ و زانکۆ، ئازدیخوازی رەشەکان، بزووتنەوەوی ئازادیخوای ژنان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی هاورەگەزبازەکان(هۆمۆسێکسواڵ ).بەشێك لەم بزووتنەوەیە، رەنگە لە روانگەی ئەدەبییەوە گرنگترین بەش، دیاردەیەکە، کە بە رەخنەی فیمینستی ناوی لێ دەبەن.(13) هەر لەم بارەیەوە رەخنەگرێکی دیکەش دەڵێ: (( بزوتنەوەی فیمینیستی لە چوارچێوەی ئەو ململانێ سیاسی – کۆمەلایەتییانەی کە لە سالەکانی 1960 دا، لە ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا لە ئارادا بوون، سەر لە نوێ پەرە دەگرێتەوە و لە درێژەدا دەچێتە ناو دنیای ئەدەبیاتیشەوە، کە دەرەنجامەکەی سەرهەڵدانی رەخنەی ئەدەبی فیمینیستی بوو.))(14)

بەم شێوەیە بە روونی بۆمان دەردەکەوێ، کە رەخنەی ئەدەبی فیمینیستی، بەر لەوەی کایەیەکی تەواو جیاواز بێت و لەناو ئەدەبیاتەوە سەرچاوە بگرێت، رەهەندێکی سۆسیوکولتووری هەیە و لەهەناوی ئەو هەل و مەرج و بوونیادە ئابووری و کولتووری و سیاسییانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەدرێژایی مێژوو بونەتە ئامرزێك بۆ چەوساندنەوەی ژنان و بەدیهێنانی نایەکسانی لەنێوان پیاوان و ژنان. لێرەوە ئیدی ئەدەبیات کایەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بە هەمان رادەی کایەکانی تر، رۆڵی هەیە لە دەسەڵاتی ناوکۆمەڵگادا، ئینجا ئەو دەسەلاتە سەبارەت بە ژنان ئەرێنی بێت یان نەرێنی. بۆیە

ڕەخنەگرە فیمینیستەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دەرکەوتنی ژن لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، ڕەهەندێکی دیکە لە دەسەڵاتی پیاوسالاری و ناحەقییەکانیی بەرامبەر بە ژنان، بدۆزنەوە.

## 2.1. ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستی و بنەماکانی:

بێگومان ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستی وەکو فکری فیمینیزم بێبەری نییە لەو ناوەڕۆکەی، کە لە هەناوی فیمینیزمدا وەکو هزر و ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە بۆ ڕەواندنەوەی نایەکسانییەکانی سەر ژنان لە ئارادایە. فیمینیستەکان باوەڕیان وایە، کە دەسەڵاتی پیاوسالاری تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە نەبووە، بەڵکو پێیان وایە، کە ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی دیسکۆرس وکایەکانی تری کۆمەڵگاوە بەهێزترکراوە. یان بە دەربڕینێکی تر هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگا هەڵگری ڕوانینی ئەوتۆن، کە نایەکسانییان سەبارەت بە ژنان لە خۆیاندا جێ کردۆتەوە و هەموویان پێکەوە هێزی دەسەڵاتی پیاوسالارییان زیاتر و مەزنتر کردووە. ئەدەبیش بێبەری نییە لەو هەل و مەرجە، هەر بۆیە وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆکرا، هەندێك ڕەخنەگری فیمینیست باوەڕیان وایە، کە ئەدەبیات سیاسییە و سیاسەتەکەشی پیاوسالارانەیە. بۆیە ڕوانین و ڕەخنەی فیمینیستی بەدوور نییە لەو ئاڕاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە ناو هزرەکەدا، وەك هزری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی نایەکسانی بەرامبەر بە ژنان. لەم ڕوانگەوە (( زۆربەی ئەو ڕەخنە فیمینیستیەی کە لە سەردەمی ئێمەدا هەیە، پێوەندی بەو بزوتنەوە فیمینیستییە سیاسییەوە هەیە، کە بۆ یەکسانی یاسایی و سیاسیی وئازادی کولتووری و یەکسانی، کاردەکات.))(15)

هەر بۆیەش کاتێك کە سەیری بەشێکی زۆری ئەو پێناسانە دەکەین، کە بۆ فیمینیزم کراون، باس لەوە دەکەن کە دەبێ هەڵگری ڕەهەند و لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت. سەبارەت بە پێناسەی ڕەخنەی فیمینیستی وتراوە (( ڕەخنەی فیمینیستی لە پێناسە باوەکەیدا، خەریکی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵێك شێوازە، کە ئەدەب (و بەرهەمە کولتووریەکانی دیکە) لە ڕێگەیانەوە دەبێتە هۆی توندتر کردنەوە یان کەمتر کردنەوەی ستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی لەسەر ژنان.))(16) ئەم ڕەخنەگرانە بە باشی ئەوەیان هەست پێکردووە، کە بەدەستهێنانی شەرعیەتی نیشاندانی توندوتیژی، تەنیا لە هەڵس و کەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ژیانی ڕاستەقینەدا نییە، بەڵکو لە زۆر لایەنی دیکەشەوە سەرچاوە دەگرێ. (( سووکایەتی کردن بە ژن تەنیا لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕوونادات. ئەم بابەتە لە ژانرە جیاوازە ئەدەبییەکانی وەك ڕۆمان، شیعر و شانۆنامەشدا، ڕەنگی داوەتەوە و هاوکاری بەهێزکردنی سیستەمکی باوکسالاری دەکات.))(17)

کەواتە بەشێك لە ئەرکی ڕەخنەگری فیمینیست لەم بوارەوە ئەوەیە، هەوڵبدات هەموو ئەو ڕەگەزانە لە ناو ئەدەبدا بدۆزێتەوە، کە بەشێکن لە هێزی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگادا. هەربۆیە "چالاکانی بزووتنەوەی فیمینیستی لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی سرووشتی سەرنجیان خستووەتە سەر ئەدەبیاتی خەیاڵی، بە مەبەستی زانینی ئەوەی، کە تا کوێ بە شێوەیەکی نەگونجاو، وێنەی ژنیان نیشان داوە. لەمبارەوە فیمینیستەکان لە هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی خۆیان ڕازی نین."(18) هەر لەپێناسەکردنی ڕەخنەی فیمینیستیدا هاتووە:(( ڕەخنەی فیمینیستی سەرنجی هەردوو لایەنی دەرکەوتن و نیشاندانی ژنان لە ناو ئەدەبیات و گۆڕانی هەل و مەرجیان لەناو کۆمەڵگادا دەدات، بە ئازادکردنیان لەژێر کۆت و بەندە چەوسێنەرەکان.))(19)

بەشێوەیەکی گشتی نووسەرانی فیمینیست ڕەوت و ڕێبازی فیمینیست دابەش دەکەنە سەر دوو قۆناغی سەرەکی: قۆناغ یان شەپۆلی یەکەم، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بوو بە هۆی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان و قۆناغی دووەم کە لەدوای ساڵانی 1960 وە دەست پێ دەکات و پەیوەستە بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی ژنانەوە و لە ڕاستیدا بوو بە سەرچاوەی سەرەکی ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستی.(20)

ئەوەی کە لەم پۆلێنبەندییەدا دیارە، ڕەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری کۆمەڵگایە، کە دواجار ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستی لێوە سەرچاوە گرتووە. بۆیە ڕەنگە نەگونجاو بکەوێتە بەرچاو، ئەگەربێت و لە ڕەوتی ڕەخنەگریدا، سەرنجی ئەم لایەنە نەدەین، چونکە لەم تێروانینەوە " ڕەخنەی ئەدەبی کۆنتێکستێکی(ژینگە) کۆمەڵایەتی هەیە و ڕەخنەی فیمینیستیش بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەدوای ئەو چوارچێوەیەدا دەگەڕێ.(21)هەر لەبەر ئەمەشە کە بەشێکی بەرچاو لە ڕەخنەگرانی فیمینیست پێیان وایە کە (( ڕەخنەی فیمینیستی لەهەنگاوی یەکەمدا، دەبێ خاوەنی لایەنگرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت.))(22)

لە ڕەوتی دیاریکردنی بنەماکانی ڕەخنەی فیمینیستیدا ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت، کە هیڵێکی ڕون و ئاشکرا بکێشرێ و تایبەتمەندییەکان دەست نیشان بکرێن، چونکە فیمینیزم فکر و ئایدیایەکی فرە ڕەهەندە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەدەبی و دەروونی ... هتد وە، چوارچێوەکانی دەست نیشان دەکرێن. بەڵام ڕەخنەی فیمینیستی وەك زۆرێك لەخاوەن ڕایان باسی لێوە دەکەن، بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی گەورەتر لە سەردەمی هاوچەرخدا، کە هەوڵی بەدەستهێنانی یەکسانی دەدات بۆ ژنان و لە تێگەیشتنێکی گشتیەوە دەست پێ دەکات، کە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی، کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی باوکسالارانەی هەیە. هەروەها ئەوەش، کە دنیا بە گوێرەی خواست و بەرژەوەندییەکانی پیاوان

ڕێکخراوە.(23) ئەم پێکهاتە پیاوسالارییە و ئەم نا یەکسانییە، دواجار لە ناو ئەدەبیشدا ڕەنگ دەداتەوە و ئیتر لێرەوە ئەدەب و کۆمەڵگا پێکەوە دەست دەخەنە دەستی یەك و ڕەوتی نایەکسانییەکە درێژتر و بەهێزتر دەکەنەوە. بۆیە ڕەخنەگرێکی فیمینیست پێی وایە، گرنگترین ئەو پرسیارانەی کە ڕەخنەگری فیمینیست پێویستە بیانکات ئەمانەن: بەرهەمی ئەدەبی جێی سەرنج، چ شتێك لەبارەی هەڵسوکەوت و کردارەکانی پیاوسالاری ئاشکرادەکات (ئابووری ، سیاسی. کۆمەڵایەتی یان دەروونناسی) . ژنان چۆن نیشان دەدرێن؟ ئەم نیشاندانانە لەگەڵ مەسەلە ڕەگەزییەکانی کاتی ڕوودان یان نووسینی بەرهەمەکە، چ پێوەندییەکیان هەیە؟ یان بە دەربرینێکی تر، ئایا بەرهەمەکە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری بەهێزتر دەکات یان نا؟(24)

لەلایەکی ترەوە هەندێ نوسەری تر گرنگترین ئەو کارانەی کە ڕەخنەگری فیمینیست دەبێ ئەنجامیان بدات، لەمانەدا کورت دەکەنەوە:

– پێداچوونەوە بە کانۆنەکاندا، بەئامانجی دۆزینەوەی ئەو دەقانەی کە لەلایەن ژنانەوە نوسراون.

– سەرلەنوێ نرخدانەوە بە ئەزموونی ژنان.

– لێکدانەوەی چۆنیەتی دەرکەوتن و دەرخستنی ژنان لە ئەدەبدا، لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە (ژن و پیاو).(25)

ئەوەی کە لە کۆتایی ئەم پاژەدا دەتوانین بیڵێین، باسکردنی ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی فیمینیستی و بنەماکانی، بە شێوەیەکی گشتی لە سەر ئەو لایەنانە سەرنج چڕ دەکەنەوە، کە گرنگی دەدەن بە چۆنییەتی دەرکەوتنی ژن لە هەریەك لە نووسینی دەستی پیاوان و ژنان. تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن کۆی ئەو ڕەگەزانە دەست نیشان بکەن، کە بە درێژایی مێژوو، بەشێك بوون لە بنەماکانی زاڵ بوونی گوتاری پیاوسالاری. بەڵام دیارترین بنەما بە گوێرەی ئەم پێناسانەی کە لێرەدا باسمان کردن و بە گوێرەی میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ئەوەیە، کە ڕەخنەگری فیمینیست و کەسی فیمینیست دەبێ خاوەنی جۆرێك لە لایەنگری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، تا بتوانێ بە باشی تیشك بخاتە سەر ئەو نەهامەتی و نایەکیسانییانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بەرامبەر بە ژنان لە مێژوودا کراون. بێگومان ئەم لایەنگرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نووسەری ژن، بە باشی سەرنجی ڕاستییەکانی ژیانی ناو کۆمەڵ بدات و هەوڵبدات، نایەکسانییەکان نەهێڵێ، نەك ئەوەی کە تەنیا سەرنجی هەست و سۆزە دەروونییەکانی خۆی بدات. کە دواجار ئەمە شتێك نییە، بێجگە لە ئامرازێك بە دەستی پیاوانەوە، تا مەسەلەکانی ژنان بکەنە بابەتگەلێکی تایبەتی دەروونی و تاکەکەسی و سەرنجیان لە سەر کۆمەڵ و ڕاستییەکانی کۆمەڵگا لاببەن.

## 2. کۆپلە شیعرەکانی(پڕووشەکانی عەشق) و دەروونگەرایی ژنان

لە سۆنگەی ئەو باسە تیۆرییەی کە خستمانە بەرچاو. تێڕوانینی ئێمە لەو لێکۆڵینەوەیەدا، لەسەر ئەوە بنیات نراوە، کە بەرهەمی فیمینیستی دەبێ هەڵگری جۆرێك لایەنگری سیاسی و کۆمەلایەتی بێت، تا بتوانێت بە کارکردن لەسەر کۆی ئەو بابەتانەی، کە بوونەتە هۆی نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا، ئەو نایەکسانییانە نەهێڵێت.

کەواتە ئەگەرچی بە پێی لێکدانەوەی فیمینیستەکان، هەبوونی دەنگی ژن وەکو شاعیر لە بەرامبەر پیاودا، بۆخۆی سەرکەوتنێکە، بەڵام بەهەمان ئەو ڕادەیە و تەنانەت زیاتریش ناوەرۆك و بابەتی شیعری ژنان گرنگی هەیە. ئەوەی کە لەم بارەوە گرنگە، ئەوەیە کە تا چەند شاعیری ژن هەوڵ دەدات، خاوەنی ئەو لایەنگرییە سیاسی و کۆمەلایەتییە بێت،کە کۆتایی بە نایەکسانی دێنێ؟ تا چەندە شاعیری ژن و بەرهەمی ژنان دەتوانێ تەحەدای گوتاری پیاو و هەموو ئەو ڕەگەزانە بکات، کە باڵا دەستیان بە پیاوسالاری داوە؟ بۆیە ئێمە لێرەدا بە ئاراستە کردنی ئەو پرسیارانە بۆ شیعرەکانی شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر )دەمانەوێ چەند ڕەهەندێك لەو ڕهەندانە بدۆزینەوە، کە دەتوانن بچنە ناو خانەی خزمەت کردن بە گوتاری پیاوسالاری.

**پڕووشەکانی عەشق**

1

کە ئاشنات بووم/ بە بێ ئاگر گڕم گرت و/ لە بەر پێتا توامەوە/ هەر زوو زانیم/ کانگای عەشق و خۆشەویستی/ بە عەشقێکی زۆر شێتانە/ لە ناختدا گیرسامەوە/

2

من بەر لەوەی تۆ بناسم/ لە خەونی چاوەڕوانیدا/ تۆم بینیبوو/ من بەر لەوەی تۆ بناسم/ تامەزرۆی سەمای پەنجەت و/ عاشقی ڕوخساری گەش و دوو چاوی پڕ ئەوینت بووم

3

کە تۆم ناسی/ گردێك بووم، بووم بە چیا/ کانیەك بووم و بووم بە دەریا/ شەوێکی ئەنگوستەچاو بووم/ بووم بە گزنگی بەیانی/ باڵدارێکی ناو قەفەز بووم/ گەڕامەوە بۆ سەر چڵی درەختەکان/ بۆ نەغمەی خۆش بۆ گۆرانی

4

یەکەم دیدار/ میوانێکی ناوەخت بووم/ تۆش گڵکۆی پیاو چاکێك بووی/ هاتم تاکوو/ دوو بەرد بنێم، بە نێو چاوانی پیرۆزتەوە/ چارەنووسی ڕۆژانی ڕانەبردووی خۆم/ لە نێو مەرقەدی باڵاتدا تاقی بکەمەوە

5

لەو رۆژەوە دەستەکانی تۆم ناسیوە/ دەستی هیچ شێخێك ماچ ناکەم/ هەر بە تەنیا تۆ شێخم بەو/ من کچە گاور/ هەر بە تەنیا تۆ دەروێشەکەی رۆحم بەو/ منیش تەکیەی زکر و نزات

6

لە یەکەم دیداری تۆوە/ من قەرزاری هەور و زەویم/ هەور هات رێگەی ژوانی/ نیشاندام/ زەوی بۆنی خۆڵی تۆی/ پێناساندم

7

کاتێ وشەی ناوتم نووسی/ هەموو وشەکان لێم زویر بوون/ چونکە لە ناو هەموویاندا/ بۆ پیرۆزترینیان گەڕام

8

بەڵێنمدا/ هەرگیز بۆنی گوڵێك نەکەم/ بۆنی وەك هەناسەت نەبێ/ لە هیچ ئاوێك نەخۆمەوە/ وەك خوێنەکەت شیرین نەبێ/ پشوو نادەم/ لە ژێر سێبەری چنارێ/ بەرز نەبێ بە قەد بالآت/ من تیشکی خۆرم هەر ناوێ/ رووناکیەکەی نەگا بە جوانی/چاوانت و گەشی سیمات

9

دە تۆش وەرە جێم مەهێڵە/ دەرگای دڵتم بۆ والآکە/ با لە ناختا بتوێمەوە/ خۆت دەزانی کە وشك بووم/ تەنیا بە عەتری هەناسەت/ دەژێمەوە

1.2 خۆشەویستی و عەشق و کۆیلەبوونی ژن:

لەیەکەمین شیعری ئەو کۆپلە شیعرانەدا، شاعیر بەم شیعرە دەست پێدەکات :

کە ئاشنات بووم/ بەبێ ئاگر گڕم گرت و/ لەبەر پێتا توامەوە/ هەر زوو زانیم/کانگای عەشق
وخۆشەویستی/ بەعەشقێکی زۆر
شێتانە/لەناختدا گیرسامەوە

خۆشەویستی و عەشق ئەو چەمکانەن، کە لەمێژوودا وەك ئامرازێك بۆ دەستەمۆ کردنی ئەوانی تر بەکار هێنراون. لێرەدا قسە لە خۆشەویستی نییە وەکو چەمکێك، کە دەتوانێ چەندە پیرۆز و جوان و هەڵگری بەهای مرۆڤانە بێت. بەڵکو ئەو خۆشەویستییەی کە لێرەدا باس دەکرێ، خۆشەویستییەکە، کە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە بێ وەفایی و کۆیلەکردن و هەستی نا مرۆڤانە. بۆیە ئەمجۆرە خۆشەویستییە شێتانەیەی کە شاعیر لەو شیعرەدا باسی دەکات، ئەوەندەی دەرنجامی ئەو هەستە خودییەیە، کە لەناخی شاعیردا هەیە، ئەوەندە پشت بەستوو بە عەقڵ و راستییەکانی ژیانی رۆژانە و ئەو واقیعی خۆشەویستییە نییە، کە لە ناو کۆمەڵ و لە روانگەی پیاوەوە بەرامبەر بە ژن هەیە. بەکارهێنانی (شێتانە) لەم شیعرەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هیچ هۆکارێك نییە بۆ خۆشویستن، تەنیا ئەوەندەیە کە کەوتوویتە بەر نیگام و خۆشم دەوێیت، ئیتر شاعیر بۆ ئەوە ناچێت، کە ئەگەر هۆکارێك نییە بۆ خۆشەویستی، ئەوا زۆر هۆکار هەیە بۆ ئەوەی، کە ئەو خۆشەویستییە بە پارێزەوە بێت و بە ئاسانی خۆی نەداتە دەست یەکێکی تر و لە سەر زەویەکدا بگیرسێتەوە. چونکە ئەو خۆشەویستییە زۆر جار ئامرازێکە بۆ کۆیلە کردنی ئەوی تر و ناچارکردنی بەرەو چاوکردنی ئارەزوو و خواستەکانی خۆی.

ئەوەشی کە ئەم رایە بەهێزتر دەکات و ئەوە دەردەخات، کە خۆشەویستییەکەی بەرهەمی ئاوەز و عەقل نییە، کۆپلە شیعری دواترە،کە نیشان دەدات هێشتا خۆشەویستییەکەی لە قالبی چێژی هەستەکاندا ماوەتەوە !!

من بەر لەوەی تۆ بناسم/ تامەزرۆی سەمای پەنجەت و/ ئاشقی روخساری گەش و/ دو چاوی پڕ ئەوینت بووم

کە بێگومان دەرکەوتن وەك فیمینیست و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نایەکسانی و رەواندنەوەی نا یەکسانییەکان، زیاتر لە عەشقێکی شێتانە و ناسینێکی هەستیی دەوێ. هەر ئەمەشە زۆر جار فیمینیستەکانی لە ئامانجەکانی خۆیان دوورتر کردووەتەوە. لێرەدا ئەو خۆشویستن و کەسە خۆشویستراوە، ئەوەندە پاك و بەرز و بالآ و کاملێ نیشان دراون، کە بچوکترین ئاماژەی ئەو هەموو نایەکسانی و بێ وەفایی و نەهامەتییانەی تێدا نابینرێتەوە، کە لە رێگەی زوڵم و زۆرەکانی خۆی لە مێژوودا، بەرامبەر بە ژن ئەنجامی داون. بۆیە زۆرتر کێشەکە لە خۆشبین بوون بەو کەسە خۆشویستراوەیە، نەك خۆشەویستی. بێگومان ئەمەش پێویستی بە سەرنج خستنە سەر هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و ئەو ئاماژە کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، کە کارێکی وایان کردووە، ئەو سەرنجە نێگەتیڤە لە سەر خۆشویستنی خۆشبینانەی پیاو درووست بێت.

2.2. ژن وەك مرۆڤێکی بێ شوێن و بێ ناسنامە:

ئاراستەیەك لە گوتاری پیاوسالاری، بەردەوام لەسەر ئەوەکاری کردووە، کە ژن وەك مرۆڤێکی پلە دوو و بێ ولات نیشان بدات. هەمیشە وای هەست کردووە و وای نیشان داوە، کە سەرزەوییەکە، ژنان دەتوانن ئارامی و سوکنایی لێ وەرگرن و پارێزراوبن تێیدا و ئەویش لە بەرامبەر ئەو ئارامی و پارێزگاری کردنە، چۆنی بوێ، لە گەڵیان بجولێتەوە. ئەگەر ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە ئەم راستییەمان بە ئاسانی بۆ دەردەکەوێت و دنیای پیاومان هەمیشە بە روونی لە بەر چاوە، کە وەکو تەنیا سەرزەویی ئارامبەخش و پارێزەریی ژنان لێکدراوەتەوە. ئەم تێڕوانینە تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ، بەشێك لە کایەی کۆمەڵایەتی ژنانی لەخۆگرتووە و ژنان لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە دواجار رەچاوکەری یاسا و رێساکانی ئەو سەرزەوییە بن کە تێیدا دەحەسێنەوە و ئارام دەگرن و دەگیرسێنەوە. لە راستیدا لە گوتاری پیاوسالاریدا، ژن هەمیشە وەك پەنابەر و داڵدەخوازێك بووە، کە لە لایەن پیاو و تێگەیشتنەکانی پیاوەوە، جێی کراوەتەوە و پەنای دراوە. ئەمەش لە کۆتاییدا بەوە دەگات کە ژن دەبێ لەم سەرزەوی و پەناگەیەدا، گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت. لەو شوێنەوە کە پیاو باوەڕی

بە باڵادەستی خۆی هەبووە، بەم شێوەیە روانیویەتە ژن و ئەمەش بە درێژایی مێژوو بەشێك بووە لە ئامرازی بەهێزکردنی دەسەلاتی پیاوسالاری. ئەوەتا لەم کۆپلەیەشدا، شاعیر لە ئاراستەی هەمان گوتاری پیاوسالاریدا دەڵێ:

بەعەشقێکی زۆر شێتـانە/ لەناختدا گیرسامەوە

بەشێك لە ئاماژەکانی ئەم دەربڕینە دەتوانێ ئەوە بێ، کە لەئەنجامی گەڕان و بێ ماڵ و حاڵی و بێ وڵاتیدا، سەرەنجام شوێنێکی دۆزیوەتەوە و تێیدا گیرساوەتەوە. هەر کۆپلەی دواتری ئەو شیعرە ئەوەمان باشتر بۆ روون دەکاتەوە:

من بەر لەوەی تۆ بناسم/ لەخەونی چاوەڕوانیدا/ تۆم بینیبوو/ تامەزۆری سەمای پەنجەت و/ عاشقی روخساری گەش و/ دوو چاوی پڕ ئەوینت بووم

شاعیر لە (nowhere) شوێنێکی کەس نەزانەوە و لە خەونی چاوەڕوانییەوە هاتووە و دواجار لە ماڵێك و لە مەنزڵگەیەکدا حەساوەتەوە و گیرساوەتەوە .

## 3.2. ژن وەك مرۆڤێکی چاو لە دەست و بێ هێز :

زۆرجار لەکاتی سەرکەوتنی پیاوێك و مەزن بوونیدا، دەگووترێ ( لەپشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە). ئەمە دەربڕینێکە لەناو کۆمەڵگای ئێمەشدا زۆرجار بەکار دەهێنرێ. مەسەلەکە مەسەلەی باوەڕ هەبوونە بە رۆڵی ژن، کە هۆکارێك و یارمەتیدەرێکە بۆ سەرکەوتنی پیاو وتەنانەت مەزن بوونی خودی ژنیش، یان ئەوەی کە ژنیش دەتوانێ گەورە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان لە بیربچێت، کە ئەم دەربڕینە بەرهەمی سەردەمێك و فکرێکە، کە تەنیا ئەوکات باسی گەورەیی ژنانی تێدا دەکرێ، کەوا پیاوان گەورەتر و بەدەسلاتتر بن. کەواتە گەورە بوونی ژنان بە گوێرەی گەورە بوون و باڵادەست بوونی پیاوان نییە، بەڵکو لەو شوێنەی کە پیاوان گەورەتر بن، ئەوجا ژنان دەتوانن گەورە بن !! لێرەدا شاعیر تەنانەت لەو قسە باوەش وەرگەڕاوەتەوە و هەموو شتێکی و گەورە بوونی خودی خۆشی بەستووەتەوە بە هێز و پاڵپشتی و دەسەڵاتی پیاوەوە.

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

کە تۆم ناسی/گردێك بووم، بووم بە چیا/ کانیەك بووم و بووم بە دەریا/ شەوێکی ئەنگوستە چاو بووم/ بووم بە گزنگی بەیانی/ باڵدارێکی ناو قەفەس بووم/ گەڕامەوە بۆ سەر چڵی درەختەکان/ بۆنەغمەی خۆش بۆ گۆرانی

جیاوازییەك کە لێرەدا دەردەکەوێ، لە جۆری ئەو مەزن بوونەدایە کە لەکەسایەتی شاعیردا، هەیە. گەورەبوونی ژن و گەشەسەندنی لێرەدا، ئەوە نەبووە کە توانایەك لە خۆیدا هەبێت و پەرەی پێدابێت و خۆی دروستی کردبێ و دواجاریش پیاو هاتبێ وەك هێزێکی یارمەتیدەری لاوەکی خزمەتی بەو بەرەوپێشچوونە کردبێ. جیاوازی ئەو دەربرینە لەو دەربرینەی سەرەوە ( لەپشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە ) لەوەدایە، کە لەوەی پێشتردا ژن تەنیا رەگەزێکی هاندەری لاوەکیە، بەڵام لەمەیاندا پیاو رەگەزێکی هێزبەش، باڵادەست و رووناکی بەخشە، لێرەدا ژنەکە هاتووە و لەدەستەو داوێن بوونەوە گەشەی بەخۆی داوە.

دەتوانین ئەمە بەم نموونەیە روون کەینەوە. هەرچی رووناکی لەسەر رووی زەوی هەیە و وێنا کردنی مرۆڤ بۆ هەر رووناکیەك، لەرووناکی خۆرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئێمە دەتوانین وێنەی جیاواز و پڕ شەوقی روناکی بدۆزینەوە و دنیا رووناکتر بکەینەوە، بەڵام هیچ کات ناگەین بە خۆر و گەورەیی و روناکی و گەرمی بەخشیی ئەو خۆرە. لەم کۆپلە شیعرەدا ئەمە بە روونی دەردەکەوێت، پیاو ئەو خۆرەیە، کە روناکی بەخشیوە بە ژن. بۆیە لێرەوە ژن هەرچەندە روناك و گەرمی بەخش بێت، سەرەنجام ناگات بە روناکی و گەرمی بەخشی خۆر، کە بەپێی شیعرەکە سەرچاوەیە. هەر ئەم تێڕوانینەیە بۆ پیاو و هێزی گەرمی بەخشی و رووناکی بەخشی پیاوەکە، کە وادەکات رایبگرێت و بیپارێزێت و رووناکی پێ ببەخشێ. بۆیە گەیشتن بەم دنیا ئارامە و حەسانەوە وگیرسانەوە تێیدا، لەدیدو تێڕوانینی شاعیرەوە دنیای خەیاڵیی ناو خەون و خولیاکانییەتی و سەرەنجام ئەمەش وادەکا، کە شاعیر پیرۆزترین هەست و ووشە و ئاماژەکان بۆ بەرامبەرەکەی بەکاربێنێ. ئەم پیرۆزیانەش کەوتنە ناویان رەنگە ئاسان بێ، بەڵام وازهێنان لێیان زەحمەت و پڕمەترسی و پڕ قوربانییە.

## 4.2. پیرۆزکردن و خۆ بە ملکەچ زانین :

دوای ئەوەی شاعیر گەیشت بەو دنیایەی، کە لەخەونیدا نەخشاندوویەتی و هەموو ئەمەش بە دەرەنجامی میهرەبانی و دلۆڤانی بەرامبەرەکەی دەزانێ، ئیدی ئەو سەرزەوی و دەستانەی کە ئەویان لە خۆگرتووە، بە لایەوە پیرۆز دەبن:

یەکەم دیدار/ میوانێکی ناوەخت بووم/ تۆش گلۆپی پیاو چاکێك بووی/ هاتم تاکوو/ دوو بەرد بنێم بەنێوچاوانی پیرۆزتەوە/ چارەنووسی رۆژانی رانەبردووی خۆم/ لەنێو مەرقەدی باڵاتدا تاقی بکەمەوە

شاعیر لەمە زیاتر دەچێتە پێش و ئاماژەی زیاتر بۆ پیرۆز بوون، دەردەبڕێ:

لەو رۆژەوە دەستەکانی تۆم ناسیوە/ دەستی هیچ شێخێك ماچ ناکەم/ هەر بەتەنیا تۆ شێخم بەو/ من کچە گاوڕ/ هەر بەتەنیا تۆ دەروێشەکەی رۆحم بەو/ منیش تەکیەی زیکر و نزات

لەچەند بارەوە ئەو دوو کۆپلە شیعرە جێی سەرنجن. یەکەم ئەوەی، کە هەڵبژاردنی ووشەگەلی وەك مەرقەدی باڵات، گڵکۆی پیاوچاك، شێخ، لە لایەکەوە دەرخەری حەزی قوڵ و عەشقی شێتانەی ئەم شاعیرەیە سەبارەت بە بەرامبەر و لەلایەکی تریشەوە ئەو هێز و

شەرعییەتە کۆمەڵایەتییە بە پیاو دەدات، کە بە درێژایی مێژوو بەشێك لە رەهەندی بەدیهێنانی نایەکسانی بووە بەرامبەر بە ژنان. هەر یەك لەو زاراوانە و نیشاندانی پابەندی و وەفاداربوون پێیان هەڵگری کۆمەڵێ ئەرك و رەفتاری کۆمەڵایەتی و دەروونییە، کە دەبێت لە لایەن مورید و باوەڕدارەکانیانەوە، پەیڕەو بکرێت. چونکە هەر یەك لەو باسانە بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەست ئیرادەی مرۆڤەکانەوە، کە چۆن هەلس و کەوتیان لەگەڵدا بکرێت. دووەم ئەوەی کە شاعیر تووشی پاردۆکسێکی گەورە بووە بەتایبەتی لەو شوێنەی، کە دەڵێ:

هەر بە تەنیا تۆ شێخم بەو/ من کچە گاور

ئەمە ئەگەر ئاماژە بێت بۆ شێخی سەنعان، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ناوەرۆك و گەورەیی داستانەکەی، بەتایبەتی لەو شوێنەی کە پەیوەستە بە گیرۆدەبوونی شێخی سەنعان بە کچە گاور، پێچەوانە کردووەتەوە. بە پێی هەموو ئەو ئاماژانەی کە شاعیر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نیشانی داون، ئەوە شێخ نییە لە دین وەرگەڕاوە، بەڵکو ئەوە کچە گاورە لەسەر دەستی شێخ بووە بە گزنگی بەیانی ، بە چیا و بە بولبوبی ئازادی سەرچلی درەختان و بە گشتی ئەوە کچە گاورە کە چووەتە سەر دینی شێخ.

سێیەم ئەوەیە، کە لێرەدا شاعیر دەیەوێ جۆرێك یاری زمانی بکات، تا لەم رێگایەوە نیشان بدات، کە ئەو خۆشەویستییەی کە باسی دەکرێ، گەیشتووە بە ئاستێك کە عاشق و مەعشوق ئاوێتەی یەك بوون و جارێك عاشق دەبێت بە مەرقەد و تەکیە و شێخ و دەمێکی تریش بە پێچەوانەوە.

هەر بەتەنیا تۆ شێخم بە و/ من کچە گاور/ تۆ دەروێشەکەی رۆحم بەو/ منیش تەکیەی زیکر و نزات

لەکاتێکدا، کە سەیری سەرتاپای کۆپلە شیعرەکان دەکەین ( ئەگەر هەموویان وەك یەك دق وەرگرین)هیچ ئاماژەیەك لەوە نابینین کە دەرەنجامی ئەو عیشقە گەیشتبێ بەوە، بەڵکو لە سەرەتاوە تاکۆتایی، هێزی باڵادەستی و زاڵبوون هەر بە بەرامبەرە:

هەر لەوێوە کە هێزی رووناکی بەخشە، هەر لەوێوە کە گزنگی بەیانییە، هەر لەوێوە کە گڵکۆی پیاو چاکە وهەر لەوێوە کە مەرقەدە و شاعیر چارەنووسی رۆژانی رانەبردووی تێدا تاقی دەکاتەوە، هەر لەوێوە کە شێخە و دەستی ماچ دەکرێ و هەر لەوێوە کە شێخە و کچە گاوری بۆ لە دین وەردەگەرێ، هەر لەوێوە کە شاعیر لە بەرگەیشتن پێی، قەرزداری دار و بەرد بووە و خۆی بە قەرزاریان دەزانێ

لە درێژەدا دەڵێ:

لەیەکەم دیداری تۆوە/ من قەرزداری هەور و زەویم/ هەور هات و رێگەی ژوانی/نیشاندام/ زەوی بۆنی خۆشی تۆی/ پێناساندم

هەر بەمەشەوە ناوەستێ و پرۆسەی پیرۆزکردن بەردەوام دەبێت:

کاتێ وشەی ناوتم نووسی/ هەموو وشەکان لێم زویر بوون/ چونکە لەنێو هەموویاندا/ بۆ پیرۆزترینیان گەڕام

ئەمە جگە لەوەی لە سەرەتا و کۆتایی کۆپلە شیعرەکاندا، بە ئاسانی دەردەکەوێت، ئەو خۆشەویستییەی کە شاعیر باسی دەکات هێشتا لە قاڵبی هەستەکان و باڵا و جوانی چاو و پەنجەو ... هتد دا، ماوەتەوە. ئەمەش ناتوانێ دەربڕی ئاشق بونێکی دوو لایەنە بێت و ئەو تێگەیشتنە لە عیشق بدات بە دەستەوە، کە هەردوو لا بەیەك رادە ئاوێتە و تامەزرۆی یەکتر بوون .

بەسەرنجدان* لە کۆی ئەم دێرە شیعرانە و ئاماژەکانیان، بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر هێشتا نەبووە بە تەکیەیەك کە نزاو و پارانەوەی تێدا بکرێ، یان ئەوە خۆشەویستەکەی نییە کە لە دین وەرگەڕابێ و چووبێتە سەر دینی کچە گاور. کە ئەمەش دوا جار لە هێز و دەسەلاتی زمانی شاعیرەکەمان کەمدەکاتەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهۆی ئەم هەموو پیرۆزکردن و خۆ بە قەرزار زانینە، سەرەنجام ئەوە هەر ئەوە کە دەستەو داوێنی بەرامبەر دەبێت، نەك بە پێچەوانەوە. هەر بۆیەش دواجار شاعیر بەڵێن دەدات.

### 5.2. بەڵێن و وەفاداری و نەدیتنی راستیەکان :

وەك لە سەرەتاشەوە گوتمان، لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە هەر یەك لەو چەمکانە لە ناخ و تایبەتمەندی خۆیاندا چەندە گرنگ و ئەرێنین(ئیجابی). بەڵێندانیش هەروەکو خۆشەویستی یەکێکە لەو رەفتارە جوامێرانەیەی، کە لە مرۆڤە بە بەها و مەزنەکاندا، دەردەکەوێ. بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە جێی سەرنجە، کەڵك وەرگرتنی خراپە لەو بەڵێن دانە لە لایەن بەرامبەرەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، دەبێ کێ بەڵێن بدات؟ ئایا بە هەمان ئەو رادەیە، کە ژنێك بەڵێنی وەفاداری لە بەرامبەر خۆشەویستەکەیدا دەدات، پیاویش ئەو بەڵێنە دەدات؟ یان ئەوەتا پیاو بەڵێندانی ژن لە بەرامبەر خۆیدا بە ئامرازێك دادەنێ، کە خۆی بکاتە خاوەنی و ملکەچ و کۆیلەی بکات و راست و چەوتی بۆ دیار بکات و ئەرکی کۆمەڵایەتی جیاواز جیاوازی بۆ دیار بکات و لە بەرامبەریشدا، بۆ خۆی وەدوای نیاز و مەبەستە تایبەتییەکانی دیکەی بکەوێت. کاتێك کە ژنێك بەڵێنی وەفاداری و چاولەدەستی و لە خەت دەرنەچوون بەرامبەر بە یاساکانی پیاو دەدات، واتە نەبوونی رێگەی گەڕانەوە، واتە ملکەچ بوون و واتە نەدیتنی ئەو راستیانەی ناو کۆمەڵگا کە پڕن لە نایەکسانیی و چەوساندنەوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە کولتووری پیاوسالاری دەیهەوێ و بە دواوەیەتی.

بەڵێنمدا

هەرگیز بۆنی گولێك نەکەم/ بۆنی وەك هەناسەت نەبێ/ لەهیچ ئاوێك نەخۆمەوە/ وەك خوێنەکەت شیرین نەبێ/ پشوو نادەم/ لەژێر سێبەری چنارێ/ بەرز نەبێ بەقەد باڵات/ من تیشکی خۆرم هەر ناوێ/ رووناکیەکەی نەگا بەجوانی/ چاوانت و گەشی سیمات

لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا، شاعیر زۆر بە روونی ئاماژە بەوە دەکات، کە بەڵێنی داوە لەو عەشق و حەزە شێتانەیە دەرناچێت. ئەمەش بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانی ژیانی و ئەو شتانەی کە پێیان گەیشتووە، لە دەرنجامی ئەو عەشقەوەن. هەر بۆیەش لە راستیدا ناتوانێ لێی دەرچێ و بە دەربڕینێکی تر، بوونی پەیوەستە بەوەوە.

بێگومان ئەمەش هەلێکە لەناو هەل و مەرجی کۆمەلآیەتیدا، کە پیاو و سیستەمی پیاوسالاری، لەبەر ئەوەی دڵنیان لەوەی، کە ژنان ناتوانن بەبێ ئەوان درێژە پێبدەن، بۆیە بەهەر شێوازێك کە حەزیان لێیە، هەل و مەرجێکی پڕ لە نایەکسانی بۆ ژنان دەخولقێنن. رەنگە گرنگترین حالەتێك کە بۆ پیاو سەرنج راکێش و خوازراو بێت و هەرچی زیاتر خۆی بەدەسەلات و بێ منەت تر بزانێ، ئەم پارچە شیعرەی کۆتایی بێت، کە دەڵێت:

دە تۆش وەرە جێم مەهێڵە/ دەرگای دڵم بۆ والاکە/ با لەناخت بتوێمەوە/ خۆت دەزانی کە ووشك بووم/ تەنیا بەعەتری هەناسەت/دەژێمەوە

ئەوی لێرەدا بۆ فیمینیستەکان جێگەی سەرنجە، ئەوە نییە کە ژن نابێت خۆی و تێگەیشتنی خۆی بۆ رەگەزی بەرامبەر دەربڕێ، بەڵکو ئەوەی گرینگە، ئەو دەربڕینانەن، کە تا چەندە مەترسی ئەوەیان هەیە ببنە فۆرم و بەهایەکی کۆمەلآیەتی لەناو کۆمەڵگەدا و ئەمەش ببێتە ئامرازێك بۆ زاڵبوونی هەرچی زیاتری گووتار و دەسەلآتی پیاوسالاری. فیمینیستەکان لەم روانگەیەوە ئەدەب بە کایەکی خودی و دابڕاو لەکۆمەڵگا نابینن، بەلکو ئەدەب وەکو کایەیەکی مرۆیی و هاوشانی هەموو کایەو گوتارەکانی کۆمەلگە دەبینن، کە تێکرا رۆلیان هەیە لە شکڵدان بە کۆمەلگا و هیزبەخشین یان نەبەخشین بە دەسەلات و گووتاری پیاوسالاری .

ئەوەی کە ژن دەتوانێ خاوەنی هەستی دەربڕاوی راستەقینەی خۆی بێت بەرامبەر بە پیاو یان بە رەگەزی بەرامبەری، کێشەیەکی ئەوتۆی تێدا نیە، بەڵکو ئەوەی کە کێشەو گرفت و جێگای باسە، چۆنییەتی دەربڕینە. واتە کاتێك کە ژنێك هەموو ژیان و هەستی خۆی لە قاڵبی خۆشەویستییەکی تایبەتدا، دەخاتە روو و خۆی بە کەسێکی تواوە و بێهێز و ملکەچ نیشان دەدات، ئەگەر هاتوو نیشانەیەك لە زەردەخەنەی خۆشەویستی و توانەوە و بێ هێز بوونی بەرامبەری نەبینی، ئایا دەبێت هەر بەردەوام بێت؟ خۆشەویستی و خۆشویستن بە چ نرخێك ؟ ئەمە ئەو بابەتەیە کە بۆ فیمینیستەکان گرنگە، چونکە لە روانگەی ئەوانەوە دەشێت کە ئەم هەستی خۆشەویستی و هەستی خۆ بەکەم زانین و دالدەخوازی و بێ هێزیەی، کە لە هەستی دەربڕاوی ژنێکدا بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت، لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لەناو کۆمەلگەدا ببێتە ئامرازێك بۆ هەرچی زیاتر کۆیلەکردن و بێهێزکردن و چاو لەدەست کردن و گوێرایەل کردنی ئەوانی تر ( ژنانی تر ).کە بێگومان پیاوان زۆر لەم هەلانەیان قۆزتوەتەوە.

## 3.ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1– ئەگەرچی نوسینی شیعر و بەرهەمی ئەدەبی لەلایەن ژنانەوە بۆ خۆی دەستکەوتێکی مەزنە لەرەوتی بزوتنەوەی فیمینیستیدا، بەلام ناتوانێ بەتەنیا ئاماژەی فیمینیست بوون بدات بەدەستەوە و هەوڵێك بێت بۆ کۆتایی هێنان بە نایەکسانییە کۆمەلآیەتییەکان.

2– دەربڕینی هەستی خودی ژنێك بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی، شتێکی ئاساییە، بەلام ئەوەی کە لەم شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە شاعیر زیاد لە پێویست کەوتووەتە ناو هەستی خودییەوە و راستییە کۆمەلآیەتییەکانی ناو کۆمەڵگای نەبینیوە. بۆیە لەزۆر لایەنەوە لە رووی تێروانینی فیمینیستی یەوە خزمەتی بە بالآ دەستی گوتاری پیاوسالاری کردووە.

3– گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە ئەنجامی دەربڕینی ئەم هەستە خودییەوە، دەرکەوتوون و دواجار دەتوانن ببنە ئامرازێك بۆ خزمەت کردن بە گوتاری پیاوسالاری، بریتین لە::

– خۆشەویستی و عەشق

– ژن وەك مرۆڤێکی بێ وڵات و بێ ناسنامە

- ژن وەك مرۆڤێکی چاو لە دەست و بێ هێز

- پیرۆزکردن و خۆ بە ملکەچ زانین

- بەڵێن و وەفاداری و نەدیتنی راستیەکان

4– لە ئەنجامی ئەو خوودگەراییەی کە شاعیر پەیڕەوی کردووە و کەوتووەتە داویەوە، بۆیە کەمترین ئیلتیزامی سیاسی و کۆمەلآیەتی لە کۆپلە شیعرەکان وەبەرچاو دەکەوێ. کە ئەمەش بۆ فیمینیستەکان خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەو نایەکسانییەی کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، لە رەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، رەنگ دەداتەوە.

5– خاڵی جێگەی مەترسی بۆ فیمینیستەکان لێرەدا ئەوەیە ، کە دواجار ئەو تایبەتمەندییە دەروونییانە بگۆڕێن بۆ فۆرم و بەهای کۆمەلآیەتی لەناو کۆمەڵگا. بەسەرنجدان لەوەش کە ئەو هەستە دەربڕاوانە لە رووی نیشاندانی ژن وەکو کەسێکی پشت بەستوو بە پیاو، خزمەت بە گوتاری پیاو سالاری دەکەن، بۆیە مەترسی ئەوەیان لێدەکرێ، وەکو نۆرمێکی کۆمەلآیەتی و رەفتاری بەکار بهێنرێن بۆ ملکەچ کردن و چاو لەدەست کردنی ژنان. یان بە دەربڕینێکی تر بەکار بهێندرێن بۆ ناساندنی جۆرێکی نوێ لەهەڵس و کەوت و ئەرکی کۆمەلآیەتی، کە بە باوی دڵێ پیاوان بێت. بە تایبەت ئەگەر ئەوەشمان لە بیر بێت کە فیمینیستەکان، بەوجۆرە سەیری ئەدەب ناکەن، کە بریتی بێت لە کایەیەکی دابڕاو لە ناو کۆمەڵگا. بەڵکو ئەوان پێیان

وایە کە ئەدەبیش رۆڵی هەیە لە هێز بەخشین یان نەبەخشین بە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

6– لەم کۆپلە شیعرانەدا خۆش باوەڕیەکی زۆر هەیە بەرامبەر زۆرێك لەو چەمکانەی، کە لە مێژوودا زۆر جار ئامرازێك بوون، بۆ چەوساندنەوە و بێ هێزکردن و گوێڕایەڵ کردن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە شاعیر زۆر کەوتووەوتە ناو داوی خودگەراییەوە و کەمتر هەوڵی داوە راستیەکانی ئەو خۆشەویستییە لە ناو کۆمەڵگاو لە ژیانی مرۆڤەکانی تر و بە تایبەت لە روانگەی رەفتار و هەڵس و کەوتی پیاوانەوە، ببینێ. تەنانەت هەر خودی ئەمەش دەتوانێ بەشێك بێ لە بەرنامەی پیاوان، کە بەهاندان و ناچارکردن، یان هەر هۆیەکی دیکەوە بێت، هەوڵبدەن سەرنجی ژنان لەسەر هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی لاببەن و بیانخاتە سەر هەستە دەروونییەکان و بەها دەروونییەکان، تا بەمە غافلّیان بکات لە دیتنی راستیەکانی ژیان و ئەرك و مافەکانییان.

## 4. سەرچاوەکان


ـ دیوانی شیعر: کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2007(کۆپلە شیعرەکانی پڕووشەکانی عیشق، ل3–7)

1ـ کیت گـرین و جیل لبیهان، درسنامە نظریە و نقد ادبی، مجموعە مترجم، نشر روزگـار، تهران،1383، ص329.

2- Barry, P. 2010. Beginning theory: an introduction to literary theory, 3rd edition. 116.

3ـ برنا موران، نظریە های ادبیات و نقد، ترجمە ناصر داوران، موسسە انتشارات نگـاە، تهران، 1389، ص299.

4- Barry, P. 2010. Beginning Theory: An Introduction… 117.

5ـ برنا موران، نظریە های ادبیات و نقد، ص297.

6ـ ویلفرید ێل گـورین، درێمدی بر شیوە های نقد ادبی، ترجمە د.علی رچا فرح بخش و زینب حیدری مقدم، انتشارات رهنما، تهران، 1388،ص481.

7ـ هەمان سەرچاوە، ل281

8ـ هەمان سەرچاوە، ل284

9ـ هەمان سەرچاوە، ل284

10- Wough, P. (Edited). 2011. An Oxford Guide to Literary Terms and Criticism, oxford university press, Indian Fifth Edition. 319.

11- Blamire, H. 2009. A History of Literey Criticism, India, Macmilan. 376.

12ـ ریچارد هالند، درامدی تاریخی بر نظریە ادبی از افلاگون تا بارت، گـروە ترجمە شیراز (علی معصومی و شاپور جورکش)، نشر چشمە، تهران، چاپ دووم، 1385، ص 34.

13ـ ویلفرید ێل گـوریەن و ...، راهنمای رویکردهای نقد ادبی، ترجمە زهرا مێهن خواە، انتشارات اگلاعات، تهران ، چاپ سوم ،1377، ص 260–261.

14ـ برنا موران، نظریە های ادبیات و نقد، ص 294.

15- Abrams, M. and Harpham G. 2011. A Handbook of Literary Terms, India, six reprinted. 100.

16ـ لیس تایسن، نظریە های نقد ادبی معاصر، ترجمە مازیار حسین زادە، نگـاە امروز، تهران، 1387، ص 147.

17ـ برنا موران، نظریە های ادبیات و نقد، ص295.

18- Blaimer, H. 2009. A History of Literary Criticism, p373.

19- Peak, J. and Coyle, M. 2007. Literary Terms and Criticism, Tehran, Palgrave macmillan, 3rd edition. 184.

20- Wough, P. (Edited). 2011. An Oxford Guide to Literary Terms and Criticism, oxford university press, Indian Fifth Edition. 319.

هەر لەم بارەوە بروانە (کیت گـرین و جیل لبیهان، درسنامە نظریە و نقد ادبی، ص330)، یان (ویلفرید ێل گـوریەن و... ، راهنمای رویکردهای نقد ادبی ، ص262) کە لێرەدا بە تایبەت باس لە چەند دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە رۆڵیان هەبووە لە سەرهەڵدانی رەخنەی فیمینیستی، لەوانە ( ئەنجومەنی پێگەی کۆمەڵایەتی ژن و کۆمەڵگای مۆدێڕنی ژن ).

21ـ ویلفرید ێل گـوریەن و...، راهنمای رویکردهای نقد ادبی ، ص 262.

22ـ هەمان سەرچاوە ص261.

هەر لەم بارەیەوە بروانە (کیت گـرین و جیل لبیهان...، درسنامە نظریە و نقد ادبی،ص 331.

23- Peak, J. and Coyle, M. 2007…… 184

24ـ لیس تایسن، نظریە های نقد ادبی معاصر، ص 183.

25- Barry, P. 2010. Beginning Theory: An Introduction… 116.

# ذاتانية المرأة كوسيلة لتعزيز السلطة الأبوية


**الخلاصة:**

الفيمينزم بشكل عام هي فكرة و فلسفة، تسعى لانهاء الظلم و عدم المساواة التي ترتكب ضد المرأة على مر التاريخ. المرأة تقلق بشأن هذا الظلم وتفاوت الحقوق، وأنها تبذل قصارى جهدها لوضع حد لذلك، في وجهة نظرهن أن هذا الظلم ليست في جانب واحد، بل موجود في كل المجالات، لذا تعتقدن أن هذا التفاوت تحتاج إلى إعادة نظر. وإحدى المجالات التي نرى فيها هذا التفاوت والتي يمكن استخدامها كعامل لزيادته هي الأدب .في الواقع إن المرأة غير راضية عن الصورة المجسدة لها من قبل الرجال. هذا هو جانب واحد من المسألة، ولكن المهم هو كم استطاعت المرأة ان تعرض صورة لنفسها، على عكس الصورة السائدة التي صوره الرجل لها.

للفيمينزميين، تزداد أهمية التركيز على الصورة التي صورها المرأة بنفسها والرجل عن المرأة في الأدب، في المجال الذي يعتقدون أن الأدب كمكون ثقافي له تأثير كبير على المجتمع و كذلك على خطاب السلطة الأبوية.

في هذا البحث، ومن خلال اختيار بعض قصائد "كذال إبراهيم خدر،" نريد أن نعرض من خلال التركيز على المشاعر النفسية والشخصية للمرأة، خدمة الكتابات الانثوية للسلطة الأبوية ,خصوصا حينما تستخدم هذه الصور الذاتية بشكل سلبي من قبل المجتمع .ونحن نعتقد أن الفيمينزم فيها نوعا من الدعم السياسي والاجتماعي. لذلك فإن أي نوع من الذاتانية أو الابتعاد عن الظروف الاجتماعية وحقائق المجتمع، لا تخدم إنقضاء عدم المساواة الذي يستفيد منه الرجال – وبالاخص عندما خطاب السلطة الأبوية يريد تهميش المرأة و مواقفها في الواقع و الحياة الإجتماعية، لجعلها عبدا و اكثر تقيدا.


**الكلمات الدالة:** فيمينيزم، السلطة الأبوية، المرأة، المساواة.

## Women’s Subjectivism as a Means for Strengthening the Power of Patriarchy


**Abstract:**

Generally speaking, Feminism is a philosophy and an idea that endeavors to end all the disasters and inequalities committed against women throughout history. Women worry about this unfairness and inequality and they do their best to put an end to it. They think that this unfairness does not only exist in one side but in every side, so they think that this inequality needs to be reviewed. One of the fields that this inequality is conducted in and that can be used as a means to increase it is literature.

As a matter of fact, women are discontent with the images shown by man about women. This is one side of the issue, but how much women have been able to depict an image of themselves, an image that is opposite of those shown by men, is important as well.

For feminists, focusing on the images drawn by men and women about women in literature is very important because they think that literature, as a cultural component, has a large influence on society and the power of patriarchy.

In this research, by selecting some poems of “Kajal Ibrahim Khidir,” we want to show how much feminine writing, by focusing on subjective and personal feelings, serves the dominance of patriarchy; especially the fact that finally these subjective images will be used adversely by society.

We think that feminism is a political and social advocacy. So, any sort of subjectivism or going beyond the social circumstances and the facts of society will not serve the annihilation of inequality from which men have been benefitting – especially the fact that the patriarchy has wanted to marginalize women’s stances on the reality and life of society so as to make women more submissive.


**Keywords:** Feminism, the power of patriarchy, women, equality.